# پشوی هاوین و غیابی پەروەردەی ئیسلامی

[ كردي – کوردی – kurdish ]

لەیلا عەلی عەبدولعەزیز

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ الإجازة الصيفية وغياب التربية الإسلامية ﴾

« باللغة الكردية »


ليلى علي عبد العزيز

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# پشوی هاوین و غیابی پەروەردەی ئیسلامی

جارێکی تر پشوی هاوین دەستی پێکردەوەو مناڵان دوای چەند مانگ خوێندن وەك ئەوەی ئیتر ئەم سێ مانگە تەنها بۆ کۆڵان و یاریکردن بێت و نۆ مانگەکەی تر بۆ خوێندن! بۆیە کاتێکی زۆر لە کۆڵان و شەقامەکان بەسەردەبەن بە جۆرێك زۆر کۆڵان دەڕۆیت جمەی دێت لە مناڵ و هەرزەکار، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خەڵکی وەڕس دەکات کاتێکی زۆریشیان هەروا بە هەدەر دەڕوات، ئەوکاتەی کە زۆر گرانبەهایەو دەکرێ زۆر شتی بەسودی تێدا بەدەست بێت، هەرچەندە ئەو مناڵە بەریئانە هیچ سوچێکیان نییەلەو بێبەرنامەیی و بێ سەروبەریەدا چونکە ئەوە خێزانەکانن بەتایبەت باوان کە دەبێت پێش هەموو شت و بەر لە دەستپێکردنی ئەو پشوە لە خەمی ئەو سێ مانگەدا بێت کە چۆن بیبەنە سەر، وە بە پلان و بەرنامەی چڕوپڕ خەریکیان بکەن تاوەکو هەروا ئەو کاتە لە تەمەنیان بە فیڕۆ نەڕواو بەشتی بێ بەهاوە نەیبەنە سەر، ئەو باوانە کە پێویستە لەسەریان هەر لەحزەیەکی کاتی مناڵەکانیان پایەیەك بێ لە بونیادنانی کەسێتیو پلەیەك بێ بۆ سەرکەوتنی پلەکانی ژیانیان.

ئەمڕۆ گەر نەڵێم هەمووی زۆرێك لە خێزانەکان پەروەردەیان پشتگوێ خستووە، بەتایبەت خێزانە ئیسلامیەکان کە باسەکەم لەسەر ئەوانە پەروەردەی ئیسلامیان ئەوەندە

وەلاناوە کە خەریکە بەرەو کاڵبوونەوەو دواجار سڕینەوە دەچێت، لەکاتێکدا ئەو پەروەردەیەو فێرکردنی زانستی شەرعی فەرزە و لە ئەستۆماندایە، ئەو پەروەردەیەو ئەو زانستەی کە سەرکردەکانی دوێنێی لەسەر پەروەردە بووە ئەمڕۆ بە کاڵی و سبەی بە خاڵی لەوان دەبینین، غیابی پەروەردەی ئیسلامی لە خێزانەکانداو نەخستنە بەر خوێندنی زانستی شەرعی مناڵەکانیان زیانێکی زۆر بەسبەینێمان دەگەیەنێت بەشێوەیەك کە گەر ئێستا تاك و تەرا عالمێك دەبینین و دڵمان بە مێزەرە چەرمگەکانیان خۆش دەبێ وا پڕوات ئەوەش نامێنێت، کام خێزان هەیە ئیمامێکی تری وەك (امامی احمد و امامی شافعی و امامی حنفی..هتد) دروست بکات خۆ ئەوانە هەروا خۆڕسك دروست نەبوون بەڵکو بە هیمەتی خێزان و زانایانی ئەو سەردەمە هاتونەتە بەرهەم.

کام دایك هەیە وەك دایکی ئیمامی ئەحمەد دەستی کوڕە بچوکەکەی بگرێ پێنج فەزرە بیباتە مزگەوت و لەبەردەم دەرگای مزگەوتدا بوەستێ تا تەاودەبێ و پاشان بیهێنێتەوە تاوەکو دڵی هۆگر کات بە مزگەوتەوەو سبەی لەژێر سێبەری عەرشی خوادا لەگەڵ ئەو گەنجانەدا بێت کە (قلبە معلق بالمساجد) و (شاب نشأ فی عبادە اللّٰه) بێت تاوەکو ئاسودەیی کۆمەڵگەو پاشان خۆی دەستەبەر بکات و ژیانی سەرفرازی هەردوو دنیای فەراهەم بێنێت، کام خێزان ئیمامێکی تری شافعی بەرهەم دێنێت کە لەتەمەنێکی کەمدا هەموو قورئان و فەرمودەکانی لەبەربووە.

کام خێزان سەرکردەیەکی وەك (عمری کوڕی عبدالعزیز) پێشکەش بە ئیسلام و ڕابوونی ئیسلامی دەکات کە لەمناڵیدا (٨٠) مامۆستایان بۆ دابین کردبوو بۆ پەروەردەو زانستی شەرعی، بۆیە دوایی ئەو پاڵەوانەی لێ بەرهەم هات کە نەك ئیسلام تەواوی مرۆڤایەتی شانازی پێوە بکات، وا بزانین ئەم هەموو مامۆستاو هێنان و بردنە بەقەد لاپتۆپەکەی ئێستاو خەتی ئینتەرنێتەکەی تێناچێت کە کەم مناڵ هەیە نەیبێت و بۆی نەکڕابێت، لەکاتێکدا دەتوانیت نیوەی ئەوە بۆ فێربوون و خستنە بەری ئەو زانستەی دابین بکەیت کە فەرزەو چەندەها ئایەت و فەرمودە جەخت لەسەر فەزڵ و فەرزیەتی دەکەنەوە.

دەبا کاتێك لە تەمەن و مشتێك لە خەرجیەکانیان کە زۆریان بێ هودە سەرف دەکرێ دابین بکەیت بۆ پەروەردەو فێرکردنیان و ببێتە هۆی بەختەوەری دونیاو قیامەتی خۆیان ودایك و باوکیشیان، با ئەم پشوی هاوینە زانایان بانگخوازان دایك و باوك و خێزانەکان هیمەتێك بکەن و ناوی لێ بنێت، هەڵمەتی پەروەردەی ئیسلامی و لە مزگەوت و ماڵ و هەموو کون و کەلەبەرێکدا لەبری کۆڵان و شەقامەکان جمەنی بێت لە گەنج و هەرزەکار و مناڵ ڕێی پێشینە چاکەکانمان ون نەکەین، حەیفە مناڵی مسوڵمان ویردەکانی لەبەر نەبێت و ڕەفتاری ناشایستە بنوێنێت بەڵام لە هەمانکاتدا دەتوانێت مۆبایل و کۆمپیوتەرت بۆ هەڵوەشێنێت و فەخر بەوەوە دەکەن بەڵام شەرم نایانگرێ بۆ نەزانینی ئەوی تر.

با ئەم پشوی هاوینە هەروا بەهەدەر نەڕوات و وێستگەیەك بێت بۆ بەجێهێنانی ئەو فەرزەی بانگەوازی خوداو پێغەمبەرەکەیەتی (درودی خوای لەسەربێ).

سەرچاوەی بابەت/ سایتی بزووتنەوەی ئیسلامی.